وەزارەتـی نــاوخــۆ
ئـیدارەی گــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە :   ٣٢٧٣
ڕێکەوت :  ٢١  / ٨  /  ٢٠٢٣

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.٤٧- ٢٠٢٢) تەندەری پرۆژەی (گەیاندنی کارەبا بۆ بەنداوی ئاوەسپی) بۆ جاری سێیەم

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگــــاداری ســــەرجەم بەڵێنـــــدەر و کۆمپانیاکــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( ب. دابەشکردنی کارەبای کفری ) , لەسەر بودجەی ئاسایی بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کفری جێبەجێ دەکرێت, هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر .  ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (٦٠) شەست ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە گشتی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنــی تەنــدەر لە ڕۆژی (پێــنج شــەممە ٢٤/ ٨ /٢٠٢٣ )ەوە دەســت پــێ دەکــات تــا ڕۆژی (پێــنج شــەممە ٧ / ٩ / ٢٠٢٣) کـاتژمێر ( ٩ )ی   ســەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە (  ١٠٠,٠٠٠)  ســەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی  بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریيە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (دوو شەممە ١١ / ٩ / ٢٠٢٣ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ  کاتژمێر (١١:١٥)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
• بەشداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك  لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی کارەبـای گەرمیان بکەن .

• مەرجەکان:

١-  پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٩) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
٢-  بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە  پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی  تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.
٣-  ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
٤-  پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
٥-  پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٣) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**